# سوورەی فوسسیلەت ۵۳ ئایەتە

## سوورەی فوسسیلەت لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ۵۳ ئایەتە

بە ناوی خوای بەخشەر و دلّلاوێن

حا، میم ﴿۱﴾ ئەمە کتێبێکە لە لایەن خوای بەخشەر و دلّاوا و دلّلاوێنەوە هاتۆتە خوارێ ﴿۲﴾ کتێبێکە نیشانەکانی بە ئاشکرا بەیان کراوە و مەبەستەکانی لێک جیا کراونەتەوە، قورئانێکە بە زمانی عەرەبی بۆ هۆزێ کە دەزانن ﴿۳﴾ مزگێنیدەر و ترسێنەرە، جا زۆربەیان ڕوویان وەرسووڕاند، ئەوانە گوێ نادەن و نابیسن ﴿۴﴾ وتیان: دلّ و دەروونمان لەوەی بانگمان دەکەی بۆ لای لە نێو پەردەگەلێ خۆڕسکیدایە (مانیعی حالّی‌بوونمانە) و لە گوێمان کەڕی هەیە و لە نێوان ئێمە و تۆدا پەردەیەک هەیە، جا کەوایە تۆ کاری خۆت بکە و ئێمەیش کاری خۆمان دەکەین ﴿۵﴾ بلّێ: بەڕاستی منیش مرۆڤێکم وەکوو ئێوە، خوا فەرمانم پێدەدا تا پێتان بلّێم، تەنیا خوایەکی تاقانەتان هەیە، جا لەسەر عیبادەتی ئەو پایەدار بن و داوای لێبووردنی لێ بکەن، واوەیلا بۆ ئەو کەسانەی هاوبەش بۆ خوا دائەنێن ﴿۶﴾ ئەوانەی کە زەکات نادەن و حاشا لە ڕۆژی پەسلّان دەکەن ﴿۷﴾ ئەوانەی کە بڕوایان هێناوە و کاری چاکیان کردووە، پاداشی بێ لێبڕین و بێ لێ کەم‌بوون و بێ‌منەتیان بۆ هەیە ﴿۸﴾ بلّێ: ئایا بەوەی کە زەوی لە دوو ڕۆژ (دوو دەورە)دا خەلّق کردووە کافر دەبن و بۆ ئەو هاوبەشانێ دائەنێن؟ هەر ئەوە پەروەرێنەری جیهانیان ﴿۹﴾ کەژ و کێفیشی لەسەر ڕووی زەوی بەرز و بلّیند کردۆتەوە و پیت و بەرکەتیشی تێخستووە و لە ماوەی چوار ڕۆژ (چوار دەورە)دا قووتی پێ‌بژیوی هەمووی دیاری کرد، بەرامبەر نیازی داخوازان ﴿۱۰﴾ لە پاشان ڕووی نا لە بەرزایی و خەریکی بەدی‌هێنانی ئاسمان بوو، لە حالّێکدا بە وێنەی دووکەلّێ بوو، جا بە ئاسمان و زەوی وت: چار ناچار شکلّ بگرن بێنە بەرفەرمانم، وتیان: بە خۆشی بە فەرمانبەری هاتین ﴿۱۱﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

جا حەوت ئاسمانی لە دوو ڕۆژ (دوو دەورە) دا بەدیهێنا و لە هەر ئاسمانەی ئەرکی کاری خۆی پێی‌سپارد و ئاسمانی نێزیک (بە گۆی زەوی) بە چرایان (ستێران) ڕازاندەوە و پاراستمان! ئەمە بڕیاریّ فرە بەدەسەلاتی پڕ زانایە (کە خوایە) ﴿۱۲﴾ جا ئەگەر هەر قەبوولیان نەکرد و ڕوویان سوڕاند، بلّیّ: بە هەورە تریشقەیەک هەروەکوو شریخەیێ کە هۆزی عاد و سەموودی وەبەردا، دەتانترسێنم ﴿۱۳﴾ کاتیّ کە پێغەمبەران لە بەردەم و پشت سەریانەوە هاتە لایان و (پێیان وتن:) بێجگە لە خوا نەپەرستن، وتیان: ئەگەر پەروەرێنەرمان مەیلی لیّبا فریشتەی دادەبەزاندن ئێمە بەوەی پێی ڕەوانەکراون (بڕوا ناهێنین و) حاشاکەرین ﴿۱۴﴾ جا هۆزی عاد بە ناهەق لەسەر زەوی خۆیان بە زل زانی و وتیان: کوا؟ کیّ لە ئێمە بەهێزترە؟ ئایا نەیانزانیبوو نەیاندیبوو کە خوایەک کە ئەوانی بەدیهێناوە؛ فرە لەوان بەهێزترە، (ئەوانە بەو گومانە) حاشایان لە نیشانەکانی ئێمە دەکرد باوەڕیان پێی نەبوو ﴿۱۵﴾ جا ئێمەیش ڕەشەبا و گژبایەکی توندمان لە ڕۆژانی تووش و شووم دانارده سەریان تا عەزاب و ئازاری ئابڕووبەریان لە ژیانی ئەم دنیایەدا پیّبچێژین بیّ گومانە سووکایەتی ئازاری ڕۆژ پەسلان زۆرترە و یارمەتیش نادرێن ﴿۱۶﴾ هۆزی سەموودمان ڕێنوێنی کرد بەلّام پێیان خۆش بوو کوێر بن نەک شارەزا بن، جا هەورەبرووسکەی ئازاردەری ئابڕووبەر لە بەر کاریّ کە دەیانکرد ئەوانی گرت ﴿۱۷﴾ کەسانیّ کە بڕوایان هێنا و خۆیان پاراست ڕزگارمان کردن ﴿۱۸﴾ ڕۆژیّ کە دوژمنانی خوا بەرەو ئاگر کۆ دەکرێنەوە جا بە ڕیز ڕادەگیردرێن تا ڕیزەکانی دوایش بیانگەنیّ ﴿۱۹﴾ تا کاتیّ کە دێنە کن ئاگر گویّ و چاو و پێستی لەشیان لەسەر کاریّ کە کردوویانە لە دژیان شایەدی ئەدەن ﴿۲۰﴾

دکتور سا لح ئیبرا هیمی



(بە گلەییەوە) بە پێستی لەشیان دەڵێن: بۆچ بە دژی ئێمە شایەدیتان لەسەر داین، ئەوانیش دەڵێن: ئەو خوایەی کە هەر شتێک دێنێتە قسە ئێمەی بە قسە کردن هێنا و هەر ئەویش یەکەم جار ئێوەی خەڵق کرد و دەشگەڕێندرێنەوە بۆ لای ئەو ﴿۲۱﴾ ئێوە لەو بارەوە کە گوێ و چاو و پێستی لەشتان بە دژتان، شایەدیتان لەسەر بدەن هیچ خۆتان حەشار نەدەدا و خۆتان نەدەشاردەوە؛ بەڵکوو گومانتان وا بوو زۆرێ لەوەی کە دەیکەن خوا پێی نازانێ و ئاگای لێی نییە ﴿۲۲﴾ ئەمە گومانێک بوو کە بە پەروەرێنەرتان هەبوو، کە تەرتوتوونای کردن بۆ بەیانی چوونە ڕیزی زیانباران ئەگەر ئەوان خۆ ڕابگرن، ئەوە ئاگر جێگەیانە و ئەگەر داوای لێبوردنیش بکەن، لێیان قەبووڵ ناکرێ ﴿۲۴﴾ بۆ ئەوانە جۆرە هاودەمێکمان بۆ دانان، کاری ئێستا و دوارۆژمان بۆ ڕازاندنەوە بۆ ئەمان و ئەو جنۆکە و مرۆڤانەی بەر لەوان بوون بەڵێنی خوا هاتەجێ لەبەر ئەوەی زیانبار بوون ﴿۲۵﴾ خوانەناسەکان وتیان: گوێ بۆ ئەم قورئانە مەگرن و قسەی بێتامی خۆتانی تێکەڵ بکەن بەڵکوو بەسەریدا سەرکەون ﴿۲۶﴾ بە هەقیقەت بە کافران جەزرەبەی سەخت دەچێژین و خراپتر لەوەی کە دەیانکرد سزایان ئەدەین ﴿۲۷﴾ سزای دوژمنانی خوا هەر ئاگرە، لەبەر ئەوەی حاشا لە نیشانەکانی ئێمە دەکەن، ئاگری خانووی هەمیشەیی جێگایانە ﴿۲۸﴾ کافران دەڵێن: ئەی پەروەرێنەری ئێمە! ئەو دوو کەسە لە جنۆکە و مرۆ کە ئێمەیان لاڕێ کرد نیشانمان بدە تا بیانخەینە ژێر پێمان تا لە ژێر ژێرەوە بن ﴿۲۹﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبرا هیمی



کەسانێ کە وتیان: پەروەرێنەری ئێمە خوایە و لە پاشان سەرقسەی خۆیان سوور بوون و لایان نەدا؛ فریشتە دێنە لایان (و پێیان دەڵێن:) مەترسن و خەفەت مەخۆن، مزگێنی بێ لێتان بەو بەهەشتەی بەڵێنتان پێدرابوو ﴿٣٠﴾ ئێمە یار و پشتیوانی ئێوەین لە دنیا و لە ئاخیرەتدا، هەرچی دڵتان بیەوێ لە بەهەشت بۆتان هەیە و هەرچی بخوازن تێیدا بۆتان هەیە ﴿٣١﴾ میوانداری و ڕێز لێ گرتن لە لایەن لێبور و فرە دڵلاوێنەوە ﴿٣٢﴾ قسەی چ کەسێ چاکتر لە قسەی ئەو کەسەیە کە خەڵک بۆ لای خوا بانگ دەکا و کاری چاکیش دەکا و دەیشڵێ، مـن لە خۆ بەدەسەوەدەران و موسوڵمانم؟ ﴿٣٣﴾ چاکە و یەکسان نین، (خراپە) بەوەی چاکترە وەڵامی (خراپە) بدەوە، ئەوەدەمە کەسێ کە لە نێوان تۆ و ئەودا دوژمنی هەیە وەکوو دۆستێکی نێزیکی لێدێ ﴿٣٤﴾ بەڵام ناگەنە ئەم پلە، مەگەر کەسانێ نەبێ کە تابشتیان هێنا و خۆڕاگر بوون، تەنیا کەسانێ بەوە دەگەن کە بەشێکی گەورەیان لە بڕوا و ئاکاری چاک هەبێ ﴿٣٥﴾ هەر وەختێ لە شەیتانەوە تووشی دڵەڕاوکێ و خەیالاتێک بووی، پەنا بەرە بەر خوا، بەڕاستی هەر ئەوە بیسەری زانا ﴿٣٦﴾ لە نیشانەکانی خوایە شەو و ڕۆژ و تەبەق و گۆی ڕۆژ و مانگ، بۆ خۆر و بۆ مانگ سوژدە مەبەن (کڕنۆش مەکەن)، بۆ خوایێ کە ئەوانەی بەدیهێناوە سوژدە بەرن، ئەگەر ئەتانەوێ ئەو بپەرستن ﴿٣٧﴾ ئەگەر ئەوانە فیزیان نواند و خۆیان لەوە گەورەتر زانی (کە عیبادەتی بکەن)، ئەوانەی کە لای پەروەرێنەرتن (مەلائیکە) بێ ئەوەی وەڕەز و ماندوو و بێزار و جاڕز بن، شەو و ڕۆژ پەسنی پاکی و بێخەوشی خوا دەڵێن ﴿٣٨﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



لە نیشانەکانی ئەوە کە زەوی بە مات و بێ تین و ویشک ئەبینی، جا کاتێ کە ئاوی بەسەرا برێژین، رادەژێ وکێشی دێ و دەکەوێتە بزووتن و گیا رواندن و هەڵدان و دەبووژێتەوە، کەسێ کە ئەو (زەوییە ویشکە) زیندوو دەکاتەوە، هەر ئەویش مردووەکان دەبووژێنێتەوە، ئەو بەسەر هەموو شتێکدا بەوزە و بەتوانایە ﴿۳۹﴾ کەسانێ کە لە نیشانەکانی ئێمە لەوەی راستە کلا دەبن خۆ لە ئێمە ناشارنەوە، جا ئایا کەسێ کە دەخرێتە نێو ئاگر باشترە یا کەسێ کە لە رۆژی بەرێدا بەبێ‌ترس دێ، هەرچی دەتانەوێ بیکەن، خوا بەوەی دەیکەن بینایە ﴿۴۰﴾ ئەوانەی ئەو وەختە قورئانیان بۆ هات، دژی وەستان و بروایان پێ نەهێنا، کە کتێبێکی فرە بەرێزە ﴿۴۱﴾ نە ئێستا و نە لە پشتملە و نە لە دوارۆژدا بە هیچ شێوەیەک باتڵ و پووچی رووی تێناکا، (چونکە) لە لایەن خوای لەکارزانی پەسن کراوی حەمیدەوە هاتۆتە خوارێ ﴿۴۲﴾ هیچ شتێ بە تۆ ناوترێ مەگەر ئەوەی کە بە پێغەمبەرانی بەر لە تۆیش وتراوە، پەروەرێنەرت خاوەن لێبوردنە (بۆ بڕواداران) و خاوەنی ئازاردانی دەرداوییە (بۆ بێ‌بڕوایان) ﴿۴۳﴾ ئەگەر ئێمە ئەم قورئانەمان بە عەجەمی بناردایێ دەیانوت: بۆچ نیشانەکانی بە روونی شی نەکراونەتەوە؟ قورئانی عەجەمی و پێغەمبەری عەرەبی (چلۆن دەبێ؟) بڵێ: ئەم قورئانە بۆ کەسانێ کە بڕوایان هێناوە رێنوێن و رابەر و چارەی دەردانە، ئەوانەی کە بڕوای پێی ناهێنن کەڕن لە بیستنی و کوێرن لە دیتنی، هەر دەڵێی لە جێگای دوورەوە گازی و هەرایان لێدەکرێ ﴿۴۴﴾ کتێبمان بە مووسا دا، کێشەو جیاوازییان تێدا کرد، ئەگەر لە پەروەرێنەرتەوە لەبابەتیانەوە لە بەرا فەرمان نەدرابا (کە عەزابیان دوا بخرێ) لە نێوانیاندا داوەری دەکرا (بە عەزابدان لە دنیادا)، ئەونە لە قورئان دوودڵ و بەگومانن ﴿۴۵﴾ هەرکەسێ کاری چاک بکا بۆ خۆیەتی و هەرکەسیش خراپە بکا، زیانی بۆ خۆیەتی، پەروەرێنەرت سەبارەت بە بەندەکانی غەدر ناکا و هیچ ستەمکار نییە ﴿۴۶﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسالح ئیبراهیمی



زانستی ڕۆژی بەرێ چ وەخت دێ تەنیا بۆ لای خوا دەگەڕێتەوە و دەیزانێ بەروبووی هەموو ڕووەکێک کە لە شکۆفە دێنە دەرێ و هەر مێوینەیەک ئاوسە و چی لە پزداندایە و چی لێ دەبێ و دەزێ خوا دەیزانێ، ئەو ڕۆژەی کە گازی و هەرایان لێدەکرێ: هاوبەشانێ کە بۆ منتان دائەنا لە کوێن؟ دەڵێن: ڕادەگەیێنین کە هیچ یەک لە ئێمە شایەد نین و کەسمان ئاگامان لێنییە (هیچ شایەد یێکمان لەنێودا نییە کە شایەدی بدا کە تۆ هاوبەشت هەبێ) ﴿٤٧﴾ ئەوەی بەر لەمە بە ناوی خوا بانگیان دەکردن لێیان گوم بوون و زانییان کە هیچ پەناگا و ڕێی هەڵاتنیان بۆ نییە ﴿٤٨﴾ مرۆ هەرگیز لە داواکردنی شتی باش و خێر (و نیعمەت) وەڕەز و ماندوو نابێ، (بەڵام) ئەگەر خراپەی پێبگا بێهیوا و نائومید ئەبێ ﴿٤٩﴾ ئەگەر دوای ڕەنج و زیانێ کە بەومان گەیاندووە، ڕەحمەتێکی پێبچێژین، دەڵێ: ئەمە هی خۆمە (و شیاوی خۆمە)و گومان ناکەم قیامەت ڕابێ، ئەگەر بگێڕدرێمەوە لای پەروەرێنەرم، بۆ من لای ئەو پاداشی چاک هەیە، ئەو کەسانەی کە کوفریان کرد و بەوەی کردوویانە جەزرەبەی فرە سەختیان پێدەچێژین ﴿٥٠﴾ هەرکاتێ نیعمەتێکمان بە مرۆ دا، پێینازانێ و فیز دەنوێنێ و منمنیەتی و ڕوو وەردەگێڕێ و بە خۆبەزلزانین دوور دەکەونەوە، هەرکاتێ خراپەی پێبگا بە پانەوە مل دەنێ لە پاڕانەوەو فرە زۆر هاوار و ناڵەناڵ دەکا ﴿٥١﴾ بڵێ: چ دەبینی (و چ دەڵێن)؟ ئەگەر ئەم کتێبە لە لایەن خواوە بێ، لە پاشان پێی کافر بن و بڕوای پێنەهێنن چ کەسێ لاڕێتر لەو کەسەیە کە ڕێگای جیاوازی گرتۆتە بەر و لاسارە ﴿٥٢﴾ بە زوویی نیشانەکانی خۆمان لە ئاسۆی دنیا (وەکو ڕۆژ و مانگ و ئەستێرە)وە لە نێو دەروونی گیانیاندا (وەکوو مێشک، دڵ، خوێن، ئێسک) بەوانە نیشان ئەدەین تا بۆیان دەرکەوێ کە ئەو هەقە، ئایا ئەوە بەس نییە کە پەروەرێنەرت بەسەر هەموو شتێکدا شایەد و حازرە و ئاگادارە ﴿٥٣﴾ باش بزانە و ئاگادار بە! کە ئەوانە لە دیداری پەروەرێنەریان لە دوودڵیدان، ئاگادار بە! کە خوا بەسەر هەموو شتێکدا دەوری داوە و زاڵ و بە دەسەڵاتە ﴿٥٤﴾



Dr. Saleh Ebrahimi